# مەسعوود محەمەد
# ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرد


**هەندرێن**
**(سوێد)**


**(١ - ٢)**

**«نالی» مەبە عاجز، کە ئەمە دەورە نە جەورە**
**ساقیی کەرەمی یەک بەیەکە و نەوبە بە نەوبە**
**«نالی»**

«بە هەمەحاڵ دوور لە تاوگیری و ڕەشبینی... دەڵێم... زۆر لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم خۆیان لەخۆیاندا هێوێنی ڕسکانی دەوڵەتیان تێدا نییە، بەڵام تانوپۆی ئەو دەوڵەتانەی بە دەورییانەوەن ناچاریان دەکەن بەردەوام بن، چونکە ئەم ڕۆژگارە بە تالایی سیاسی پان و بەرین ناسەلمێنێ سەبەب بە پێوەندایەتی بەرژەوەندی زۆر و زەبەند پێیانەوە/.../ ئینجا چ خوێرییەکە ئەو حاکمانەی هەڵسوورو داسووری عیفریتانە بەسەر میللەتدا دەکات و وەک تاووس خۆ فش هەڵدەهێنێت هەموو شان و شەوکەتیشی وەک بابایەکی لاخۆرە بەسەر سفرە و خوانی خەڵکەوە، لەو ڕووە کە بوونی بەندە بەبوونی غەیرەوە.»

**مەسعوود محەمەد، («لە پەرۆشەکانی ژیان»، ل:١١٠)**

### تیرۆژێک لە تەمیان بەدەوری مەسعوود محەمەدی تۆقەڵەوە (*)

لەبەراییدا، تاکو بۆ تاوێکیش بێ دڕدۆنگی ئەو یادەوەریانە هێور بکەینەوە، دەبێ ئاماژەیەکی کورتیلە بە پشتێنەی مەیلی نووسینی ئەم وتارە؛ خوێندنەوەیە بکەین کە لەوێرا (ئێستێتیکا) جوانناسی شێوازەکەی؛ پەرۆشخۆرییەکەی بۆ زمان؛ کولتووری کوردی مەسعوود محەمەد سەرنجی ڕاکێشام، ڕاستییەکەی هەر ئەو شێوازاندنی هزرەش بوو کە ئەوی کردە تۆقەڵەیەک



مەسعوود محەمەد

لەزمانی کوردیدا. لە ڕۆژگاری هەشتایەکاندا، کە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەرەو پایزبی دەڕۆیشت و ئاستی فامکردنیشم بەرەو گومانێکی هەستەکی نەک ئاگایی دەرسکا، لە بەهارێکی بناری چیای گارادا لە پەنا کەڤرێکی پشت بارەگاکەماندا، بۆ یەکەم جار بە کتێبێکی دڵکێشی مەسعود محەمەد، «چەپکێک لە گوڵزاری نالی» و دوو بەش لە مشتومڕەکانی نێوان ئەو و محەمەدی مەلا کەریم، کە وابزانم لە گۆڤاری «ڕۆشنبیری»دا بلاوکرابوونەوە. لێ هەنووکەش نازانم چتۆ ئەو کتێب و گۆڤارە گەیشتبوونە دەڤەرێکی وەک باهدینان و ئەو دۆڵ و بنار کێوە تووناوتوونانە! لە یەکەم خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا، بێ ئەوەی بە ڕەوانی لە کاکڵەی کتێبەکەش تێبگەم، کەچی ئەو شێوازی ئەو زمانەی کە کتێبەکەی چنیبوو لە زەینمدا چەسپی.

لێ دوای ڕۆیشتنم لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە بەرەو دۆڵی بالیسان و ڕۆژهەلاتی کۆیێ و دواجاریش گەیشتنی شالاوە سەربازییەکانی «ئەنفال» و گرگرتنی کێوەکان بە بۆردومانکردنی تانک، تۆپ و فڕۆکەکانی ڕژێمی ئەنفالکار، نە هەر ئەو کتێب و گۆڤارە لە بەین چوون، بەڵکو هەرچی کتێب و دەستنووسە دوور لە بارەگا و باخەڵی پێشمەرگەدا بێماڵ مانەوە. ئاکامی ئەو هێرشە شوومانەی «ئەنفال»ی سەربازە کیمیایی و کوردە هەڵەپاسە بەلەدەکانی ئەوێ ڕۆژێی سەدام و حیزبپەروەرەکانی ئەمڕۆ، دوای برینی ڕێگایە گەمارۆدراوەکان بە دڕکەزیی مۆڵگەی سەرباز و جاشان، شوێنپێی یادەوەری؛ ڕۆحی هەڵقرچاومان، وەک نسێگەلێکی دڕدۆنگ، لەناو سووتەمەرۆی باغەکانی هەنار و ڕەزەکانی ترێی گوندەکانی بنار و لوتکەکانی چیای هەورێ و دەرەشیر و چرپەی کانیاو کەسیرە و تێنووەکەی گوندی «ئەشکەوتە»... وێڵبوون و جەستەی دووکەڵگرتوومانیش غەوارەی دوورە وڵاتان بوون. لەوێش «چەپکێک لە گوڵزاری نالی» کۆشیعرە کۆستکەوتووەکەم «لە سێبەری کێوەکاندا ونت دەکەم، لە پێدەشتێک دەتبینمەوە» نامە دەستنووس و کتێبەکانی دیکە، لە ئەشکەوتەکەی گوندی «کافێ»ی بەری چیای گارادا غەوارە بوون.

کاتێک کە پەناگەی سوێد بوو بە پەناگەی ئەو حیکایەتانەی ژیان، ڕۆژێک ڕێم کەوتە کتێب فرۆشییەکی کوردی و بەدەم سەیر کردنی کتێبە بەسەر یەک کەڵەکەکانەوە، (کتێبەکان لەو یەک دوو کتێب فرۆشییە کوردیانەی سوێدیشدا وەک کوردستان، سەرو بەر کەڵەکە دەکرێن)، نیگام لەسەر «گەشتی ژیانم»، «مرۆڤ و دەوروبەر» و «زاراوەسازی پێوانە»ی مەسعوود محەمەددا سەنگرایەوە و یەکسەر لەگەڵ خۆمدا هەرسێکیانم کردە میوانی ماڵە سێبوورەکەم، کە شەوانە خەونی سەربووردەکانی شەڕ ئەفسانەیی و پێشهاتی شالاوەکانی «ئەنفال» و هەژەندی کۆڕەوی دێهاتنشینەکان بەرەو سنوورە نادیارەکان گەمارۆیان دەدا و ڕۆژانەش بەهەڵهێنانی مەتەڵی ئەو خەونانە. لێرەدا ناچارم ئەوە جەختبەکینەوە کە ئەمڕۆ تەواوی دەزگا ڕۆشنبیری، پەروەردەیی و بگرە هەموو ئەو قسەگەلەی کە لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی دەکرێن. نەیانتوانیوە بە قەد کتێبی «زاراوەسازی پێوانە» و ئەو وتارگەل و گفتوگۆیانەی بەتایبەتیش گفتوگۆیەکەی شوکور مستەفا لەگەڵ ئەو لەمەڕ زمانی کوردیدا، ڕێگای ڕەوانبێژییەکی ژیریێژانە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی زمانی یەکگرتووی کوردی بدۆزنەوە.

دەبا لە پەرۆشخۆری ئەو یادە بە سفت و سوێیانەوە

گوێ لەو دڵنەوایی؛ تێڕامانە؛ شێوازاندنی شیعرییەتەی مەسعوود محەمەد ڕادێرین، کە دەکرێ لاواندنەوەیەکیش بێ لەم بێدەنگی کردنەی خودی ئەویش: «چ بڵێیم و چ سوود هەیە لە گوتن: وا ئایەتی مەرگ ئایەتی ژینتی کوژانەوە، چراکەشت دواێین ترووسکەی خۆی تفاندەوە و دوو پێڵووی بەسەر بیناییدا هێنایەوە و بیلبیلەی چاوتی تیرە کرد کە پڕاوپڕ بوو لەجوانی خاک و گەشاوەیی ئاسمان، وا لەبەر گوێشت نرکەی نەمان دێت کە ئیرادەی مان تێی ئاڵاوە لەسەر سینەی نیشتمانت. چ بەیان کەم لەو هۆشبەدەرەی بە دڵتدا هات کە فامی خاوەنەکەی لێی حاڵی نییە و ماڵاوی پێ لەدنیا دەکات و ئومێدێکی پێ دەسپێرێ بازووی بڕوات بەخۆیەوە ناگرێت و قاچی هاڕدراوت ناتگەیەنێتێ.. چ ڕێی بەیان شک نابەم مەگەر ورتەی دڵی بە تۆوە کۆست کەوتووم لە گیانی بەبەر من گەڕاوت بچرپێنێ و نزام بۆت بەرزکاتەوە...» (١)

بەڵێ، لەم سەردەمە نەهامەتەدا؛ لەم ڕۆژگارە زمانکوژەدا، دەکرێ ئەم جواناسی شێوازاندنە لە ئاخاوتنە وەک ئاوڕدانەوەیەک؛ خەمڕەوێنییەک بیخوێنینەوە.

ئیتر دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبانە مەیلی ناسکردنی بەهای زمانی کوردی و تێگەیشتن لەسەرچاوەی لەمپەرەکانی زمان و گومان لە هزری کوردی لەلامدا زیاتر فراژان. هاوکاتیش بە دەم خوێندنی مێژووی هزر و فەلسەفەوە لە زانستگایەکی ستۆکهۆڵمدا، لە میانەی گەڕان بەدوای کتێبە فەلسەفییەکاندا ئاشنای هزرڤانێکی سیاسی سەرنجکێشی سوێدی، هانس لارشۆن (Hans Larsson) بووم. (**) لەگەڵ شارەزابوون لەپاشخان، بوونی وەک یەکێک لە دەمڕاستێکی نموونەیی لە ئەکادیمیای سوێددا، بەرهەمە فرە ڕەنگ و بەهای کایەی کتێب و هەوڵە فرە بوارەکانی ئەو هزرڤانە سوێدییە لەسەر زمان و ڕۆشنبیری سوێدیدا، وێنای پاشخان، کەسایەتی، بوونی وەک دەمڕاستێک لەکۆڕی زانیاری کورد، بەهای کتێب و هەوڵە هەمەچەشنەکانی مەسعوود محەمەدیان لە خەیاڵمدا زاندەوە. لە سەرەتایەکانی سەدەی بیستەمدا کە تەوژمی هزر و ئایدیۆلۆژییەکان لەچڵە پۆپەدا بوو و وڵاتە بچووکەکانی وەک سوێدیش بەدەم گەورەبوونی دەسەڵاتی نەتەوە گەورەکانی ڕۆژئاواوە لە خەمی بنیادنان و پێناسەکردنێکی جیاوازی نیشتمانەکەیاندا بوون. هانس لارشۆن لەگەڵ دەستەیەک لەو ڕووناکبیرە ئەکادیمیانەی سوێد، بەڕاڤەکردن و ناساندنی فەلسەفەی گریکییەوە بگرە هەتا دەگاتە زۆرینەی فەیلەسووف و بزاڤە کولتووری و ئەو ئایدیۆلۆژییە هەمەجۆرانە ناسیۆنالیزم کە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لە ئارادابوون، ڕۆڵێکی وەرچەرخێنەرانەیان بینی لە فۆرمۆلە کردنی بنیادی کولتووری و پێناسەی نەتەوایەتی وڵاتەکەیان. هاوکاتێکیش لەوکاتەی زۆرینەی دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژئاوا، لە ئاکامی تەقینەوەی ململانێیەکانی نێوان ئایدیۆلۆژییەکان لە کوورەی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەسووتان، کەچی ڕووناکبیر و سیاستەوانەکانی سوێد لاتەریک لەو شەڕە سەرگەرمی بنیادتنان و بە مۆدێرنکردنی وڵاتەکەیان بوون. بەم جۆرە هانس لارشۆن لە ڕۆژگارێک ژیا کە لەوێدا ئەرکی ڕووناکبیر لە پاراستنی بەهای ناسنامە و کولتووەکەیدا هەڵوێستی هەبێ. یەکێک لەو ئەرکە گرینگانەی ڕووناکبیر گفتوگۆکردن بوو لە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژییەکان. لە ناوەندی ڕۆشنبیری سوێدیدا، هانس لارشۆن بە نووسینی زیاتر لە ٤٠ کتێبی تیۆری، کولتووری، ئەدەبی و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانیەوە خۆی دەکاتە بە لەگوین (مەرجەع)ێکی نموونەیی.

نزیکی قەدەری نێوان قەدەری هانس لارشۆن و مەسعوود محەمەد ئەوەیە، کە هانس لارشۆن هەم بەر لە مەرگی و هەمیش دوای مەرگی، بۆ زۆرینەی ڕووناکبیر، ئاکادیمی، خوێنەرانی سوێدی وێنای هزرڤانێکی ئیدیالی؛ سەرچاوەیەکی هاندەر؛ هێمای مرۆڤێکی زرینگ؛ واتایەک لە مرۆڤدۆستی بوو، کەچی قەدەری مەسعوود محەمەد هەم بەر لە مەرگی و هەمیش دوای مەرگی، بەهۆی زمانە دانسقە و هزرینە ناباو و کەسایەتییە سەنگینەکەیەوە لەناوەندی ڕۆشنبیری پاشکۆی داگیرکەر و بێ یادەوەری کوردیدا گۆشەگیر بوو، لە بۆیە ئەو لاتەریک لە گەردوونی زمانەکەیدا ژیا.

لێ شایەنی باسە، ئەوکات لە ناوەندی ڕۆشنبیری سوێدیدا ململانێیەکی قووڵ لەنێوان بەرەی چەپ و ڕاستدا هەبوو. لەبۆیە هانس لارشۆنیش وەک هومانیستی کۆنپارێز هەمیشە لەگەڵ ڕووناکبیرە چەپڕۆکاندا لە کێشمەکێشدا بوو. بەم جۆرە وەک چۆن

نووسەر و سیاسییەکانی کوردستان مەسعوود محەممەدیان بە کۆنەپەرست و دواکەوتوو دەزانی، بە هەمان شێوەش چەپڕۆکانی سوێد هانس لارشۆنیان بە لایەنگیری نازیزم و دژە کۆمۆنیزم دەزانی. (***)

وەلێ لێرەدا بە باشی دەزانین لەمەڕ ئەو «بەندوباوی» «ڕەجعییەکی زیرەکی»یەی کە دەدرێتە پاڵ مەسعوود محەمەد، گوێ لە وەرامی خۆی بگرین: «ئەوانەی وەها بە کەوەدەنی (ڕەجعی زیرەک) دەبزرکێنن نازانن لە تەپڵی بنی چ چاڵێکی قوولی تاریکدا دەژین و لێشی دەرنایەن. بێگومان ئەوەی بە ڕەجعی دادەنێن گەلێک خاوێنترە لەوەی پێی دەڵێن شۆڕشگێڕ، چونکە بە لایانەوە کوشتن و سووتاندن و ڕماندن شەقڵی شۆڕشە./.../ سوسیالیزم و دیمۆکراسی باوەڕی لووتبەرزن و بەنازوفیزن لەگەڵ پرزۆڵەی کوردی عەبایلێ و هەلاتووی بۆ هەندەران دانووی ناکولێ. (تقدمیة)یش بە فیکەی سمێڵەوە زەنە ناکات./.../ دەبێ خۆت لەگەڵ خۆتدا خەریکی لێکدانەوە و بەراوردکردن و پێککگرتن، هەڵگێڕ و وەرگێڕی سەرلەبەری مێژوو و کۆمەلایەتی بیت...» (٢)

بە دیوێکی دیکەوە، دەکرێ هۆکردی نەخوێندنەوە، یان بێدەنگی کردن لە بەهای دەقەکانی مەسعوود محەممەددا، پێوەندی بە زمانە سەنگین و جوانناسی شێوازاندی هزرینەکەیەوە هەبێ. شێوازی زمانی مەسعوود محەممەد، زمانی سۆز و حەماسەتی نییە، کە ئەو زمانەش زمانی زۆرینەی نووسەری کوردی پۆشیوە، بەڵکو زمانێکی ژیربێژانە و هزرپۆشە. تایبەتمەندی ئەو زمانەش، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەژ و هەوای شوێنگەکەی؛ پاشخانی کولتوورییە ئەرستۆکراتەکەی. مەسعوود محەممەد لە ماڵێک پەروەردە بوو کە خاوەن پایەکی کۆمەلایەتی، سیاسی و چینایەتی بوو؛ ڕۆڵەی پیاوێکی جوامێری وەک «مەلای گەورە» بوو. مەسعوود محەممەد لەکتێبەکەی «گەشتی ژیانم»دا بەگێڕانەوەی ژیانی زارۆکایەتی و لاویەتی خۆیەوە، وێنای ئەو ماڵ و باوکە زانیاپەروەرەی خۆیمان بۆ نمایش دەکا. بەم جۆرە زمانی هزرینی مەسعوود محەممەد وەک ئاوێنەیەک لە پایەی پاشخانی خانەوادە خاوەن ڕۆشنبیرییەکەی، بارگاوی کراوە بە چێژ و سەنگێکی ئەرستۆکراتییانە. لەبۆیە هەرچەندە لەم دیو نووسینەکانیدا چەشنە سەلیقە وهەناسەیەکی تەوسئامێز و مەتەڵئامێزی کوردییانە هەیە، لێ خوێندنەوەی ئەو زمانە خاوەن چێژە ئەرستۆکراتی؛ فراژوو هزریوە؛ ئاکارە جوامێرەی ئەو بۆ زۆرینەی نووسەر و خوێنەری کورد نامۆیە، چونکە خوێندنەوەی زمانی مەسعوود محەمەد، پێویستی بە خوێنەرێکی خاوەن چێژ؛ یادەوەرییەکی کارا؛ ئاگاییەکی خەملیو هەیە. ئا لێرەوەیە خۆ بە شێوازکردنەکەی مەسعوود محەمەد. مخابن ئەو تەرزە خوێنەرەش، بەتایبەتیش ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا لە کشتایەتیدایە.

کەواتە ئاستەنگی مەسعوود محەمەد ئەوەیە، کە لە ناوەندێکی ڕۆشنبیری؛ زمانێکی بیرنەکەرەوەدا، یان لەناوەندی ڕۆشنبیرییەکی سۆزئامێز و پاشکۆدا، بیری کردەوە و هەڵوێستە جوامێرەکانیشی وەک چیایەک شکۆمەند بوون. مەسعوود محەممەد بەتێهەڵچوونەوەکانی بەناو مێژووی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەلایەتی و هزرییەکانەوە، خۆی کرد بە پەیکەرێک لە شێوازاندنی زمانێکی خودگەرا.

لەو ڕوانگەیەوە بۆ ئەوەی ئێمە لە پێشینەی ئەو قەدەرەی کە کورد هەر لە دوای «ئیمپراتۆری مادە»وە دەرگیری بووە فام بکەین، کە هەتا ئێستاش کورد پێیوە دەناڵێنێت، دەبا بە چاوێکی ئاوەڵاوە ئەو تێهزرینەی مەسعوود محەمەد بخوێنینەوە کە مایەی لێ وردبوونەوەیە: «سەیرێکی مێژووی عەرەب بکەیت دەبینی لە ئاکامی فتووحاتی ئیسلام، هەر نەتەوەیەکی زمانەکەی لەخێزانی سامی بوویێت لەئاکامدا بوو بەعەرەب، کەچی فارس و کورد و ئەفغان و تورک و بەلووچ و نازانم کێ و کێ نەیانتوانی زمانەکەیان بهێننە سەرقالبی عەرەبی و بلێن: (یضلل الله). فەقێیەک لە مزگەوتی کۆیێ چەندی کردی نەیتوانی فێر بێ بلێ: (مثلا مشالێکت بۆ بهێنمەوە لە امثلەی مختلفە)...» (٣)

هەڵبەت ئەو تێهزرینەی مەسعوود محەممەد لە قەدەری ئەو بێ دەوڵەتی و نەهامەتیانەی کورد شەریتەیەکە کە لێرەدا ئێمە بوارمان نییە هەمووی یادداشت بکەین. وەلێ ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستترە کە خوێنەر و نووسەری زەین پەرتەوازەی کورد ئاوڕێک لەوتەرزە بابەتانەی، ئەو مرۆڤە پەرۆشخۆرەی کورد بداتەوە. کە ئەمڕۆ قەدەری کورد دەرگیریانە.

مەسعوود محەمەد، وێڕای ئەوەی خاوەن ئەزموونێکی سیاسی سەرنجڕاکێش بوو، هاوکاتیش لە بەرهەمە هەمەڕەنگەکانیدا خوێندنەوەی دانسقە بۆ کشتایەتی (تەنگژە) گەلێکی وەک: کێشەی سیاسەت، گەندەڵی، خەمەکانی زمانی کوردی، دۆزی نەتەوایەتی و... تاد ئەنجام دا و پێشبینی ژیربێژانەشی بۆ ئاکامی زۆرێک لەو پرسیارانە کرد کە ئەمڕۆ بوونی کوردیان داهێزراندووە. لێرەدا بوارمان نییە ئاماژە بە تەواوی خوێندنەوەکانی مەسعوود محەمەد بۆ ئەو کشتیانە بکەین. لێ بۆ نموونە، ئێمە نیگای خوێنەر بۆ کتێبی «ژیان و جیهانبینی» ڕادەکێشین، کە لەوێدا مەسعوود محەمەد پرسگەلێکی هەنووکەیی و گرینگی وەک ڕەهەندی ئایین و بەتایبەتیش ئیسلام ڕاڤە دەکا، کە بەڕای ئێمە، هێژاترین لێکدانەوەیە لە زمانی کوردیدا.

دیسانەوە گومانکردن لە فەرامۆشکردنی ئەو مرۆڤە لە پانتایی ڕۆشنبیری کوردیدا، لە خەیاڵدانی پەرتەوازەی مندا زایەوە. لێ هەر جارەی کە دەستم بە نووسین لەسەر ئەو مرۆڤە، یان دەستپێکردنی گفتوگۆیەک لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤەدا دەکرد، کەچی بە دەم ئەو ئاخاوتنەوە لەناو خورە و شەپۆلی جۆگەلە و لک و پۆپەکانی زمان و هزرینە زەمەند ئاساکەی ئەو مرۆڤەدا هەڵەتە دەبووم. - ڕەنگە لەم سەفەرەشدا گیرۆدەی ئەو هەڵەتە بوونە بم- دەکرێ بەشێک لە هۆکردی ئەمەش نەبوونی نووسینگەلێکی بەهادار بێ لەسەر بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤە لە زمانی کوردیدا، چونکە بوونی ئەو نووسینگە لە بەشێک لە پەژارەکانی ئەو بۆ زمان و بەهای هزرین، گەلێ ئەرکت لەکۆڵ بکەنەوە. لە بۆیە مرۆڤ بەتاکە وتارێک لەسەر ڕەهەندی مەسعوود محەمەد لە زمانی کوردیدا، ناتوانێ بوونی ئەو وەک خۆی لەناو ئەو بۆشاییە پانوپۆڕەدا ئامادە بکاتەوە؛ بەرهەم بهێنێتەوە. کەواتە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دیاردەی مەسعوود محەمەد، وەک خوێندنەوەی دەقگەلێکی هەنووکەیی نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ناوکۆیی (کۆنتێکست)ییە.

هاوکاتیش ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بە تەنیا، پێویستی بە تەرخانکردنی کاتێکی ڕەخساو و بێندرێژ هەیە، لێ مخابن ئێمە ئێستا بەهۆی ئەرک و چەپەرەکانی ژیان توانای دەستەبەرکردنی ئەو کاتەمان نییە تاکو بتوانین فرەتر ڕەهەندەکانی دیکەی بخوێنینەوە. وێڕای ئەمەش لە داهاتوودا هەوڵ دەدەین، بە گوێرەی توانای خۆمان، ئەوکات و بوار بڕەخسێنین تاکو لە کولانەی جیاوازەوە ڕەهەندگەلی دیکەی گەردوونی بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤە بەسەر بکەینەوە.

لەوەش بترازێین، ئەو مرۆڤە کوردە، نەک هەر لە زمانی کوردیدا زایەڵەیەکە؛ لەرینەوەیەکە لەهزراندن، بەڵکو لە زمانی عارەبیشدا خودان شێوازێکی دەگمەنە. بەم جۆرە ئەو مرۆڤە، تاکە کوردێکە جیهانی دەهزرێ. بەمەش توانی بەخۆی و زمانەکەیەوە بەرەو جیهان بڕوات. کەواتە خوێندنەوەی بەرهەمە عارەبییە دانسقەکانیشی، کات و خوێندنەوەیەکی بەجیای گەرەکە.

لە بۆیە هەقە کتێبەکەی نووسەری عیراقی (حمید المطبعي) بەناوی «مەسعوود محەمەد» کە لە بارەی ژیان و فەلسەفەی مەسعوود محەمەدی نووسیوە،- مخابن بەندە نە ئەو کتێبەی خوێندۆتەوە و نە شتێکیش لە بارەی ئەو نووسەرە دەزانێ-، بەیادی خوێنەر بهێنینەوە کە هەڵۆ بەرزنجەیی لە میانەی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ مەسعوود محەمەددا ئاماژەی پێدەکا. لەوەرامی پرسیارەکەی هەڵۆ بەرزنجەییدا لەو کتێبەدا، مەسعوود محەمەد ئاماژە بەوە دەکا کە (المطبعي) لەلاپەڕە ١٢٨دا نووسینەکانی ئەوی بە «لهجة مفكر» پێناسە کردووە. هەڵبەت ئێمە دەزانین ئەمڕۆ لە کوردستاندا نووسەرە خاوەن دەزگا چاپەمەنی و دەزگایەکان سامانێکی فرەیان بۆ وەرگێڕانی کتێبەکانی خۆیان و هاوڕێیەکانیان بۆ عارەبی زمانەکانی دیکە تەرخان کردووە، هاوکاتیش سالانە گەلێک نووسەری عارەب بۆ «فیستیڤاڵ»ەکان داوەت دەکەن، تاکو ئەو نووسەرانە بە «مەزن» و «داهێنەر» ناودێریان بکەن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: لەوکاتەی کە ئەو نووسەرە عارەبە کتێبێکی لەسەر سەنگینی زمان و هزرەکانی مەسعوود محەمەد نووسیوە، کە ئەوکات ئەدەبی کوردی لە ناوەندی ڕۆشنبیری عارەبیدا قسەیەکی لەسەر نەدەکرا، بۆ ئێستا نووسەرێک قسەیەک لەسەر ئەو کتێبە ناکا، یان نەیکات بەکوردی؟ گەلۆ ئەوەیە بەشێک نییە لەو گەندەڵییەی کە لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا برەوی پێدەدرێت؟

بەهەمەحاڵ، بەڕای من، لەم ڕۆژگارەی ئێستادا کە دەم هەراشی لەلاساییکردنەوەی هزر و چەمکە باوەکانی

ڕۆژئاوا لە ئارادایە و زمانی ڕۆژنامەوانیش ئاگایی نووسەر و خوێنەری زمانی کوردی کلۆڵ کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین بەهای هزرینی مەسعوود محەمەد، کە ئێمە لێرەدا بە دیاردەی جوانناسییەک لە شێوازاندنی هزر، دیاردەیەک لەفەلسەفاندنی پەرۆشی کورد ناودێری دەکەین، بەرهەم بهێنینەوە؛ ڕەهەندە نەگوتراو؛ جیهانە نادیارییەکان لە گەردوونی هزرینی ئەودا بەدیاربخەین و بدۆزینەوە. ڕاستییەکەی دەبوو ئەو تەرزە خوێندنەوەی کە مەسعوود محەمەد بۆ نالی و حاجی قادری کۆیی بەرهەم هێنا، ببێتە سەرچاوە و هاندەرێک بۆ ڕەخنەسازی و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی، لێ لە خۆمان ڕادەبینین کە تا ئێستاش ڕەخنەی کوردی نەیتوانیوە شێوازێک لە وێنەی ئەو بەرهەمە بهێنێت. لە بۆیە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ڕەخنەی کوردی لە دەست ئەو نووسینە مجێز ئامێز و هاوڕێبازیانەی کە بەناوی ڕەخنە دەنووسرێن ڕزگار بێ، پێویستە بە ئاوەزێک لە ڕەخنە بەرەو فرەواندنی ئەو ئەزموونە ڕەخنەییە دەگمەنەی مەسعوود محەمەد و هاووێنەکانی بگەڕێینەوە. ڕاپەڕاندنی ئەم پرۆژەیەش پرۆژەیەکی بە کۆمەڵی؛ تەوەرگەلێکی جوودا؛ ڕوانگەگەلێکی فرە ڕەهەند و بێلایەنی گەرەکە. لێ بەدەم ئەو پاڵەواندنەی چەند نووسەرێکەوە کە ئەمڕۆ لە ڕوانگەی شارچییەتی، هاوڕێچییەتی، حیزبچییەتییەوە لەپانتایی، یان بازاڕی نووسەرانی کوردیدا لە هەڕمێندان، هاوکاتیش لەو دەمەی کە زمانێکی ڕووتەڵە بۆتە زمانی نووسەر و خوێنەران، ڕەنگە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە لە لایەن ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی کوردییەوە، جۆرە خەیاڵپلاوییەک، یان دەربڕینێکی سافیلکەیی بێ.

وێڕای ئەوەش، ناکرێ ئەو دوو هەڤپەیڤینە پانوپۆڕ و زانیار بەخشەی هەڵۆ بەرزنجەیی لەگەڵ مەسعوود محەمەددا لەیاد بکەین کە لە دوو کتێبدا، «ژیان و جیهانبینی» و «پەرژینی بێدەنگی»دا بڵاوی کردوونەتەوە، کە تژییە لە بیرۆکەی نەگوتراو و بوێرانە لەمەڕ ئایینی ئیسلام، ژن، کێشەی بیری نەتەوایەتی کورد، هاوکاتیش ناکرێ خەمخۆری ئاسۆس کەمال لەچاپدانەوەی بەشێک لەکتێبەکانی مەسعوود محەمەد و چاپکردنی نامەکانی مەسعوود محەمەد لەلایەن گۆڤاری «ڕامان» و کردنەوەی سایتێک بۆ زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو لەلایەن نووسەرگەلێک مێرخاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک وریا ماملێسی لەزەین نەگرین،کە گشت ئەمانە و ئەو هەولانەی دیکەش کە بەندە لێیان بێئاگایە، واتای بەهەند وەرگرتنی دەقەکانی ئەو مرۆڤەن.

بەهەمەحاڵ، ئەم وتارە خوێندنەوەی مەسعوود محەمەد، وەک دیاردەیەک لەهزر، زمانناس، سیاسەتوان، مێژووناس، ئەدەبناس... نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ وێناکردنی کردەی ئاخاوتنی مەسعوود محەمەد وەک جوانناسییەک لەشێوازاندنی هزر.

بەڵام لێرەدا بۆ بەیاد هێنانەوەی واتای فەرامۆشکراوی مەسعوود محەمەد لە زمانی ئەمڕۆی کوردیدا، حەز دەکەین تیرێژێک لەڕوانگەکانی ئەو مرۆڤە لەمەڕ ئەو گرفتانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی کۆمەڵگای کوردیان گرتووە، بچنینەوە. بۆ نموونە با ئەو تیرامانەی لەمەڕ گرفتی گەندەڵی بخوێنینەوە کە بۆتە دێوەزمەی کۆمەڵگای کوردی: «... هەروا خراپە لە قەتلەوەیە نەک لە تفەنگ، ئاژێری هەڵەشەوەیە نەک لە گەرۆک. حاڵوباری گەندەڵیش لەکۆمەڵدا بەچکەی خەڵقەکەیە هەرچەندە هۆیەکەشی ستەمکارەکە بێت کە ئەویش مرۆیەکە مرۆی وەک خۆی بەکاردەهێنێ بۆ لێخۆڕینی ئەو خەڵکەی سەریان بۆدانەواندووە /.../ ڕەقایی بەردیش، دوور لە بەرد، ناتوانێ کاریگەر بێت. پێویستە مرۆ هەبێت و بەرد هەبێت کاریگەر بێت بەچاک، یان خراپ..» (٤) ئەو خوێندنەوەیە لە هۆکردی گەندەڵی و کێشەکانی، ڕامان ورووژێنە نەک وەک زۆر لە و نووسینە هەرزەگۆیە سەرگێژکەر و خوێڕیلانەی کە ئەمڕۆ لەسەر دیاردەی ئەو گەندەڵییەی کە بەناو ناخی حکومەت و کۆمەڵگای کوردستاندا ڕەگی داکوتاوە، دەنووسرێن.

یان با بەراوردێک لەنێوان ئەو تێهزرینەی مەسعوود محەمەد لەسەر گرفتی ژن و ئەو قسەگەلە پفکراوانەی ئەو هەموو پیاوە دێوەجامەپۆش و قسە سواوەکانی ئەو ژنە بە زار ئازاد و بە ئاوەز وابەستانە بکەین، کە ئەمڕۆ بەهۆی بە قوربانیبوونی ژنان لە قەسابخانەی شەرەفی پیاوادا ڕووبەری بڵاوکراوەکانی کوردیان پڕ کردۆتەوە، کە ڕاستییەکەی زۆرینەیان بازرگانی کردن، یان بۆ ئەوەی دەست بە هەمەگیرییەوە بگرن، ئەو تەرزە نووسینانە خوێندنەوەیەکی زانستی نین بۆ کێشەی ژن.

«... ئافرەت لە زۆر وڵاتاندا دووری ئەو موعادەلانە دەژیا کە فەیلەسووف بڕیارە مێژووییەکانی لەسەر

هەڵدەنێت تا ئێستاش لە زۆر وڵاتدا حاڵی ئافرەت هەروەهایە ئینجا چۆناوچۆنی سەرجەمی کاران ڕاست هاتووە لەو دەرفەتە تەسکەدا کە هێز و پیتۆڵی «پیاو» تێیدا دەگەنەوە یەکتر؟ وەرامی یەکەم و بەر لە هەمووان ئەوەیە کە ئەو سەرجەمە هەرگیز ڕاست نەهاتووە بەپێی ئەوە کە فەلسەفە چاوەڕوانە پیاو هەمیشە داڵدەی بەرژەوەندی گرتبێتە بەر، نە هەموو کەس بە داڵدەکەوە چووە و نە هەموو پێوە چوونێکیش بەرژەوەند ئامێز بووە، لە ڕابردووشدا کە کار بە جۆرێک لە جۆران ڕاست هاتووە لەوەوە بووە باری ژیان لەخۆوە، ڕۆژ بەڕۆژ، گلۆر بۆتەوە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە لە خەفەتی فەیلوسوفان کە ناچارن ژیان و گوزەران هەڵنێن لەسەر بەرژەوەندبینی و هۆشمەندایەتی هەر هەتا بتوانن هۆکاریەکی هۆشگرانەی لێ داڕێژن بۆ ئەوەی ماجەرای مێژووی تێبهاوێژن..» (٥). لێرەدا ئێمە درێژە بەو باسە نادەین، لێ بەراوردکردنی ئەو تیرێژگەلە لە ڕوانینە لەگەڵ زۆرینەی ئەو قسە ڕۆژنامەییانەی کە ڕۆژانە لەسەر زار و لاپەڕەی بڵاوکراوەکان دووبارە دەکرێنەوە، بۆ ئەو خوێنەرانە بەجێ دەهێڵم کە دڵسۆزانە لە خەمی کێشەی ژنانن.

کەواتە هۆکردەکانی فەرامۆشکردنی بەهای جیهانبینی مەسعوود محەمەد هەر تەنیا پێوەندی بەو دۆخە دابەشکراوەی ڕۆشنبیری کورد نییە لەنێوان ئایدیۆلۆژی دەڤەری؛ قەریحە و مجێزی حیزبی؛ هاوڕێچییەتی، بەڵکو هۆکردی سەرەکی پێوەندی بە بوێری هزرین؛ جوانناسی شێوازاندنی زمانی ئەو مرۆڤەوە هەیە. ڕەسەنی مەسعوود محەمەد لەوەدایە، کە ئاراستەی هزرینی ئەو بەپێچەوانەی ئەو مارکسیزمە ستالینستییە مێگەلییە باوە و کوردایەتییە سافیلکەییە بوو، کە بە دەروێشایەتییە وشکەڕۆیەکانیانەوە زمانی کوردیان سیخناخ کردبوو و دەکەن. لەناو ئەو ڕەوشە ڕۆشنبیرییە داخراوەدا، یان بە واتای مەسعوود محەمەد، ئەو دۆخە ڕۆشنبیرییە دەروێشایەتییەدا، ئەو بە تێگەیشتنێک لە بەهای مارکسیزم، مەودایەک لە بەرانبەر ئەو مارکسیگەراییە وشکەڕۆیەدا وەردەگرێ و هەوڵ دەدا بە ئاوەزێکی ڕەخنەییەوە مارکسیزم بخوێنێتەوە. ڕاستییەکەی مەسعوود محەمەد، هەر لە شەست و حەفتاکاندا، هاودەمی هزرڤانگەلێکی مارکسیستی ڕۆژئاوایی، مینا ئالتوسێر، ئەدۆرنۆ، دۆرکهایم؛ هزرڤانانی سەربە «قوتابخانەی فرانکفۆرت»دا، جاڕی بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی لەتیۆری مارکسیزم و میراتگەرەکانی ئەو تیۆرییە ڕاگەیاند. ئەوکات لەناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەگەر نووسەرێک ڕەخنەی لەو مارکسیزمە بە ئایینکراوە بگرتبا، نەک هەر خوێنتاڵ دەکرا، بەڵکو بەنووسەرێکی «ڕەجعی»؛ دواکەوتوو لە قەڵەم دەدرا. جێگەی سەرنجە دوای زیاتر لە چارەگە سەدەیەک؛ دوای ڕمانی بلۆکی کۆمۆنیزم، ئینجا خودی ئەو نووسەر و سیاسییانەی کورد، بێ ئەوەی سڵاوێک، ئاماژەیەک بۆ پێشبینییەکانی مەسعوود محەمەدیش بکەن، نەک هەر فێر نەبوون بە ئاوازێکی ڕەخنەییەوە لە ئایدیۆلۆژی بڕوانن، بەڵکو بەشێکیشیان بە هەمان شێوەی هەمەگیرییەوە بوون بە نەیارێکی سەرسەختی مارکسیزم و چەپڕۆیی.

وێڕای ئەمەش، ئەو مرۆڤە هەر زوو دوای ڕاپەڕین، بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی و ڕوانگەی نوێنەرە سیاسەتوانەکانییەوە، پێشبینی ئەو ڕەوشە سیاسی و جڤاکییە تەقلەهەقەی کردبوو کە ئێستا لەئارادایە. خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ هەڤپەیڤین و وتارەکانی ئەو لە نەوەدەکاندا، کە لەوێدا وردبینانە و هاوکاتیش دڵسۆزانە لە ئاکامە بەدەکانی ئەو حیزبگەرایی و ڕەوشە ڕۆشنبیرییەی کە ئاراستەی کورد دەکەن، دەپەیڤێ.

بەهەمەحاڵ، بێ لە گەمە مەسعوود محەمەد بەدەر لە پەسندان، وێنای ئەو رووناکبیرە ئیدیالی و ماندوونەناسەی کوردە کە لەمڕۆی ژیانی کورددا ئامادەیی نییە. هەرچەندە ئێمە، وەک دڵناواییەک بۆ یادکردنەوەی ئەو، لە کتێبە «هەتککراو»ەکەماندا «گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا» و وتارگەلێکدا جەختمان لە بەهای ئامادە بوونی ئەو مرۆڤە لە زمانی کوردیدا کردۆتەوە، لێ ئامادەبوونی وێنای مەسعوود محەمەد، وێڕای بەشێکی زۆر لە نووسەرە ئاوزە و هاوخەمەکانی وی، کە بەڕاستی، وەک شێوازێک لە ژیان، لە زمانی کوردیدا ژیان، دەکرێ بکرێتە پێوانەیەک؛ وێنایەک؛ ئەزموونێکی کارا بۆ بەهای هزرین و نموونەی ڕۆشنبیری کە ئێستا زمانی کوردی لە هەموو کاتێک زێتر حەوجەیەتی. مەسعوود محەمەد جوانناسی شێوازاندنە

هزرییەکەی لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە ئەو بە ئاکامگیرییەکانی لە هەڵکۆڵینی زمان؛ لەراندنەوەی نەگوتراوە گوتراوەکانی زمان، ژیانێکی نوێ بەو زمانەی دەبەخشێ. بە تێهەڵچوونەوەک لە دەقە ئەزموونکراوەکان؛ بە ڕاڤەکردنێک لە شیعرەکانی نالی و حاجی قادری کۆیی؛ بەسەفەرێک بەرەو وێستگە و دووڕیانەکانی مێژووی ڕابردوو، خۆی دەکا بە مینا پەیکەرێکی کولتووری، مێژوویی هەنووکەیی، هاوکاتیش لە کن ئەو، مرۆڤ ئاکامێک نییە لە گۆڕانەکانی دۆخی ژێرخان و سروشت، بەڵکو خودی مرۆڤ ژێرخان و سەرخانە. بەم جۆرە مرۆڤ سەرشاری کاتە: ڕابردوو و ئێستا و داهاتووە.

کەواتە ئەو سۆزەی من بۆ مەسعوود محەمەد هی هەستێکی وابەستەیی، هاوشاری نییە کە ئەمڕۆ لە نێوەندی نووسینی کوردیدا بەهەڕمێنە و هەمیشەش مجێز و تەبیاتمان تێک دەدەن، بەڵکو سەرچاوەی ئەو سۆزە لە کردەی خۆکردنی ئەو بەجوانناسی شێوازاندنی هزر هەڵگرتووە. لەوەش زیاتر، ئەو ڕۆژگارە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی کە مەسعوود محەمەد تێیدا ژیانی نووسینی بەهەڕمێن بوو، مایەی سەرنجدانە. لەبۆیە نەک هەر زمان، شێواز و هزرینەکەی ئەزموونێکە لە نەوازەیی، بەڵکو بە قڕساندن لەگەڵ هەموو نووسەرێکی کورد و بگرە جیهانیش، خودی ژیانەکەشی ئەزموونێکی دەگمەنە. لێرەوە، ئەگەر خوێنەر و نووسەری ئەمڕۆ، کە زۆرینەیان، بەهۆی ئەو دۆخە مرێنراوەی ڕۆشنبیری کوردییەوە، نە ناوی مەسعوود محەمەدیان بیستووە و نە کتێبەکانیشیان خوێندۆتەوە. ئەمەش چونکە ئەمڕۆ دەمڕاستانی ڕۆشنبیری کوردی خۆیان لە لاساییکردنەوە پاشکۆیی نووسەرە بیانییەکان خنکاندووە. هەرچەندیش سالآنە دەیان کتێبی خوێڕیلەی نووسەرانی خۆماڵی و بیانی چەندان جار چاپ دەکرێنەوە، کەچی کتێبەکانی مەسعوود محەمەد، لە کتێب فرۆشییەکانی کوردستاندا دەست ناکەون! لەوەش بترازێین کە دەمڕاستەکانی ئەو «فیستیڤاڵ» و «دەزگایە خەڵات» بەخشانە دوای دابەشکردنی ئەو هەموو «خەڵات» و «ڕێزلێنان»ەش بەو هەموو نووسەر و شاعیرە «مەزن و داهێنەر»انە، کەچی جارێک ئەوەیان بەزەین دانەهات واز لە مجێز و قەریحەی حیزبازی و گرووپبازی خۆیان بهێنن و کۆڕێک، یان فیستیڤاڵێک بۆ ئەزموونە بە نرخەکەی مەسعوود محەمەد و هاونموونەکانی تەرخان بکەن. لێرەدا پەرۆشخۆریمان بۆ تەرخانکردنی فیستیڤاڵێک، یان ئاوڕدانەوەیەک لەو نووسەرە ماندوونەناسانە، واتای دووبارەکردنەوەی ئەو تەرزە پەسندان و نمایشکارییە سارد و سڕانە نییە کە بۆتە پیشەی فیستیڤاڵ و کۆڕەکانی کوردستان، بەڵکو ڕەخساندنی بوارێکە بۆ ڕاڤەکردن؛ ڕەخنەگرتن؛ گفتوگۆیەکی پلۆمیکی لە هەمبەر ئەو نووسەرانەدا. بەش بەحاڵی خۆم من کەیفم بە هێماکردن؛ «مەزناندن» ؛ «پاڵەواندن»ی هیچ مرۆڤ؛ ڕووناکبیرێک؛ بوونەوەرێکی سیاسی؛ کۆمەڵایەتی؛ ئایینی نایێ، بەڵکو پەرۆشی من بزواندنی بۆشاییە فەرامۆشکراوەکانی یادەوەری زمانی کوردی و بەدەنگهێنانیانە؛ ڕاڤەکردنیانە بە ئاوەزێکی ڕەخنەیی.

لێ لەمڕۆی کوردستاندا، لە کاتێکدا ئەمڕۆ بڵاوکراوە کوردییەکان ڕۆژانە سەرقاڵن بە تەرخانکردنی تەوەری تایبەت بۆ قسەگەلێکی ڕووکەش و ڕۆژنامەیی لەسەر چەندان نووسەری بێگانە، کە زۆرێک لەو نووسەرانە نەک هیچ کتێبێکیشیان بە کوردی کراوە، بەڵکو سوودێکی ئەوتۆشیان بۆ پێداویستییەکانی ئەمڕۆی کورد نییە. ئەو دیاردەیەش لە ڕۆشنبیری ئێمەدا بێجگە لە قووڵکردنەوەی نەخۆشی پاشکۆیی و لاساییکردنەوە بترازێ هیچی تر نییە. ئەرێ ئەو دۆخە ڕۆشنبیرییە واتای یادەوەرییەکی تالآنکراو نییە؟! بەهەمەحاڵ، دیسان دەبێ بڵێم، کە هەرچەندە درێژبوونەوەی ئاخاوتنەکەمان نیگەران هێنەرە، لێ ئەمەش زادەی تەمیانی منە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تەمی فەرامۆشکردن و بێدەنگییە بە دەوری ڕۆحی مەسعوود محەمەدی تۆقەڵەدا.

## لەراندنەوەی زمان؛ وێنایەک لە جوانناسی شێوازاندنی هزر

کاتێک گەردوونی کتێبەکانی مەسعوود محەمەد دەخوێنینەوە، لەگەڵ ڕۆچوون لە ئاوازی پەیڤ و ڕستە لێکچنراوەکانییەوە دەبینە هاوسەفەری ستایل، شێوازە زمانێکی چێژ بەخشی شکۆمەند. لەوێدا ئەو زمانە لەسەفەرە بێن درێژەکەیەوە لە خەمی ئەوەدایە لە ئاراستەیەکی بێدەنگی ڕاماودا بە ئەزموونە

تەنیـــاییـــەکـــەی؛ بە گـــەوهەری بوونەکـــەی لە ئاســـۆی شێوازێکی ڕەسەن و دانسقەدا ڕابگەیەنێ.

بەم جۆرە تەنیاییەکەی مەسعوود محەمەد، هەر تەنێ لە خـــودی ڕەســـەنەیی و کـــارامـــەیی لە کـــۆزانیـــار (ئێپیستیمۆلۆژی)، ڕاڤەکاری و بیرۆکە لێکچنراوەکانیدا نیـــیـــە، بەڵکو لە لەرینەوەی بەهایەکـــانی زمـــانەکـــەی، هزرەکانیدایە لە جوانناسی شێوازێکی خەملێودا. مەیلە جـــوانناســـییـــە بەرجـــەســـتـــە کـــراوەکـــەی ئەو شێـــوازە لە گـــەردوونی زمـــانی مـــەســـعـــوود مـــحـــەمـــەددا ئەوەیە، کـــە بوارێک، دیدارێک بۆ بوونی خۆی برەخسێنێ کە بهزرێ، کە بە جوانناسییەک لە شێوازی خۆیەوە بێژێ: من هەم، کە بوونم هەیە. لێ لەکن مەسعوود محەمەددا خۆ کردنە بەســـێـــنـــتـــەری بوون لە شـــێـــوازێکی هزریندا، واتای ڕاگەیاندنی ئەو بوونایەتییە. ئەمەش خۆنیشاندان، یان خۆ بەراوردکردن نییـــە لە بەرانبـــەر مرۆڤێکی دیکەدا، بەڵکو هەڵبـــژاردنی ژیانێکە لەناو زمـــاندا؛ خـــۆ کـــردنە شێوازێکە لەزمانی کوردیدا، یان خوداندنێکە لەزماندا، یانیش بانگکردنی دۆستە هاوزمانەکانی خۆیەتی وەک فریادڕەسێک. خوێندنەوە سەلیقەدار و پەژارە ئامێزەکانی ئەو بۆ حاجی قـادری کـۆیی، نالی، مـەحـوی و هێـمن، جەختکردنەوەیەکە لەخولیای ئەو گفتـوگۆیە دۆستـانە و بوونایەتییە هۆگرەی ئەوە لە هاوبوونێکدا، هاوزمانەکانی خۆیدا. گـەڕانەوەی مـەسـعـوود مـحـەمـەد بۆ دیمانەی ئەو شاعیرە ئیدیالی، نموونەییانە، یان هاوویستانەی خۆی، واتای ڕاگـەیاندنی پەرۆشی ئەوە بۆ نیـشـمـەنی لە بوونی ئەوانی تردا. بە دەربڕینێکی دیکە، سەفـەری مـەسـعـوود محەمەد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو شاعیرانە، خەمێکە بۆ بەخـشـینی شـێـوازەکـەی بە یادەوەری فـەرامـۆشکراوی زمـانەکـەی؛ لەراندنەوەیەکی دیکەی نادیارییـەکـانی ئەو شاعـیـرانەیە، تاکو لەوێدا، بەدیوێکەوە، بوونەکـەی لە بوونایەتییەکی پێکڤەییدا لە یادەوەری زماندا جێنشین بکا، بە دیوێکی دیکە، تاکـو ئامـادەیی بوونی کـورد؛ زمانی ئەو شاعـیـرانە و ڕەوشی ژیانی کورد بە ڕۆشنایی جـوانناسی شـێـوازاندنەکـەیەوە لە یادەوەری زمـــاندا بپەیڤێنێ و نیشمەن بکا.

مەسعوود محەمەد لەم دیوی شیعرەکانی حاجی قادرەوە «حەقیـقـەت»ێک تام دەکا و دواجاریش بە دواندنی ئەو «حـەقـیـقـەت»ەوە، شـێـوازی حاجی قـادرێکی دیکە لە شێوازاندنی زمانەکەیدا جێنیش دەکا: «یەکێکی وەک من بێ تەرەفی، بێ لایەنگیـری کـە مـەبەسـتی گـوتنی حەقـیـقـەت بێ، هەرچییـەک بێ با ببێ و پێی وەتەنگ نەبێ.. حاجی لە شیعرەکانیدا دەروونی خۆی کردۆتەوە و هەست و بیـری دەربڕیوە. تا فـیـکری تێی بڕ کـردبێ بە دڵێکی پاک و قـەناعـەتێکی تەواوەوە ویسـتـوویەتی خزمەتی کوردەواری بکا... ئەگەر فێڵ لە خۆمان نەکەین تا ئێـسـتـا زۆربەی بیـرەکـانی حـاجی هەر لەکـاردان، ڕێپیشاندەری خەباتن بۆ کورد، چونکە هەمان گیروگرفتی ئەوسـا هەبوون لەبەر هەنگاوی کـورددا ئەوڕۆش هەن و بەقـەدەر ڕۆژگـاری حـاجی ئێـسـتـاش هەڕەشـە لەحـازر و دوارۆژی کـورد دەکەن. لەباری ژیان و ئابووری و گـۆڕانی مادیشەوە کەمێکی کەم نەبێ لەسەرانسەری کوردستاندا ئەو گۆڕانە ڕووی نەداوە ببێـتـە بنکە بۆ گۆڕانێکی قـووڵ لەبیـــر و ئامـــانج.(٦) بەم جـــۆرە پەرۆشی بەردەوامی مەسعوود محەمەد بۆ پێشهاتە ئەزموونبەخش و شاعیرە ئەفرێنەرەکانی یادەوەری زمانەکەی، بەرجەستە کردنەوەی مەیلی میوانداری؛ دڵسۆزی؛ پەژارەییە لە بەرانبەر بەهای ئامادەیی «ئەوی دیکە»دا.

هەر لێـرەوە پێـویسـتـە بێـژین، کـە لەم ڕۆژگـارە داهێنراوەدا؛ لەو ڕۆژگارەی «ڕێزلێنان»؛ «تەقاویتکردن»ە ماددە ئاکارانە نەک داهێنەریانەدا؛ لەو ڕۆژگارەی کە پێڕە نووسەر و خوێنەرێکی دۆنکیشۆت ئاسا بە زارقەڵەباڵغی کـردن لە چەمکە باوەکانی ئەمڕۆدا، کە ئاکـامی ئەمـەش لەفـیـز و منەتێکی بکوژانەی بەهای نووسین؛ بە هەدەر بردنی گەوهەری زمـانی کوردی بـترازێ هیچی تر نین، - ئەگـەر بۆ دڵدانەوەیەکی خـودی زمـانی کـوردیش بێ- پێـویسـتـە ئەوە بە یادی ئاخـێـوەری زمـانی کـوردی بهـێنینەوە، کـە خـوێندنەوەی کـۆزانیـارە پەلهاوێژەکـەی مەسعوود محەمەد لەسەر ئەزموونی شیعر نالی، حاجی قـادری کـۆیی، مـەحـوی و هێـمن، بە تایبـەتیش گفتوگۆیەکانی ئەو لەگەڵ ئەو دوو شاعیرە شکۆمەندەی پێـشـەوە، کـە وێڕای ڕەهەندی «حـەقـیـقـەت»ەکـەی، ئەفراندنی جوانناسی شێوازاندنی زمانیشە، نەک هەر لە ئێـسـتـای نووسـینی کـوردیدا دەگـمـەنە، بەڵکو وێڕای دەراوێتەکردنی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنەکانی ئەزموونی ڕۆشنبیری و بابەتە زمانەوانییەکانی نووسەرگەلی هێژای وەک شێخ محەمەدی خاڵ، عەلائەدین سجادی ماڵباتی

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، شوکور مستەفا و هاووێنەی ئەمانە، لە ئەزموونی نووسەرە ئاوزەکان؛ هاوڕۆژگاری خۆشیدا کەم وێنەن. مەسعوود محەمەد بەو جوانناسییەی لە شێوازاندنی زمانەکەیەوە، بێوچان هەتا مەرگی جووڵەی دەستی بەدەم نووسینەوە، وەک پێویستییەک؛ پەژارەییەی بۆ میوانداری؛ پەنا بردنەی ئەو بۆ گفتوگۆکردنەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا؛ بوون نیشنکردنەی ئەوانی دیکە لە بوونی ئێستای کوردیدا، لە زماندا ژیا. هەڵبەتە ئێستاش جووڵەی ڕۆشنایی ڕۆحی ئەو دەستە جوانناسییە شێواز وەشێنەی ئەو لە گەردوونی زمانەکەیدا دەژی. لەبۆیە هەرچەندە ئاخێوەرە بیژۆکەکانی زمانی کوردی ئەو جوانناسی شێوازاندنەی هزرینی مەسعوود محەمەد فەرامۆش بکەن، کەچی ئەو زمانە لە پشوودانەکانیدا؛ لە بێدەنگییەکەیدا، ئاوڕێکی پەژارە ئامێز بۆ شوێنپێیەکانی شێوازەکەی ئەو لە جەستەی زماندا دەداتەوە.

لێرەدا بۆ ئەوەی بنەمای ئەو فەرامۆشکردنەی پایەی ئەزموونی ڕۆشنبیری مەسعوود محەمەد، ئەو بیرکردنەوە نارەسەنانەی کە گەردوونی زمانی کوردیان تەنیوەتەوە فام بکەین، با پێکڤە ئەو کۆپلە ڕۆشنکردەی مەسعوود محەمەد بخوێنینەوە کە بۆ پێشەکی کتێبە بەهادار و لە یادکراوەکەی «زارەوسازی پێوانە»دا نووسیویەتی: «بابای زمانزان و پسپۆڕی ڕێزمان و دەنگناسی و فەرهەنگنووسی بەهۆی خنکانی لە گۆمی خوێندنەوەکانیدا بە درەنگەوە هەناسە لە مەزرای بەربەڵڵای زمانە دایکزاکەی خۆی هەڵ دەکێشی، چونکە دەستوورەکانی ناو کتێبان ڕێی پێ دەگرن و خۆیان بەسەر هۆشی ئاگا و ونیدا دەسەپێنن کە ئیتر لەوانەیە زاراوەی دەستووری و یاسایی وەها دابڕێژێ چ خزمایەتی بەزمانی خۆیەوە نەبێت و خەڵق بە بیستنی گوێ قوت بێت». بەڵێ، دۆخی هەنووکەی زمان و نووسینی کوردی لەوەش خەمهێنەرترە کە مەسعوود محەمەد لەو کۆپلەیەدا ئاماژەی پێدەکا.

لەکن مەسعوود محەمەددا چۆنیەتی گۆکردنی زمان؛ نمایشکردنی بوونی کورد، وەک ئەوەی کە هەیە، هەروا بوار ڕەخساندن بۆ هەموو شتێک کە ئامادەییان ڕابگەیەنن، پێوەندی بەشێوازاندنی هزرەوە هەیە. ئەم تایبەتمەندییەش لەکن ئەودا، پێوەندی بە بوونی سەرچاوەی هزرێکی سەربەخۆ؛ تێگەیشتن لەگەوهەری زماندا هەیە، کە ئەو لە خەمی ئەوەدا بوو، نە تەنیا بە ڕۆشنایی شێوازەکەی زمان بنووسێتەوە، بەڵکو خودی خۆشی بکاتە منێکی هەمیشە هزرکەرەوەی ئامادە لە زماندا. خودی ئەمەش بەرهەمهێنانی جوانناسی شێوازەکەیەتی. لە بۆیە ئەو ناچارمان دەکا سەرنجی بدەین؛ لە بێدەنگییەکدا بمانورووژێنی، یان بە پەژارەوە یادی بکەینەوە. بەم جۆرە مەسعوود محەمەد بە ئاکامگیرییەک لە ئەزموونە بێن قووڵەکەیدا، تاکو شێوازاندنی هزرینەکەی بەرجەستە بکاتەوە، هەروەک وێنای ڕەزوانێکی بناری لووتکە و دۆڵا و دۆڵی چیایەکی کورد، بێدەنگ بە سەفەری گفتوگۆی نووسینەکانییەوە؛ بە هەڵکۆڵینی زمانەکەی، دەنگە بەهرەوەشێنەکان؛ شاعیر و پێشهاتە ئەزموونبەخشەکانی لە یادەوەری زمانەکەیدا موتوربە کرد و خەملاند. ئەو مرۆڤە بەو شەونخوونیانەوە جوانناسی شێوازەکەی خۆی بەرجەستە کردەوە. لێرەوە، بە دەست پێوەگرتنێک لە ڕێزگرتنماندا، دەبێ بێژین، کە لە پانتایی نووسینی ڕابردوو و هەنووکەی کوردیدا، بێجگە لە ئەزموونی شوکور مستەفا لە وەرگێڕاندا، ئاخێوەرێکی هاووێنەمان لەو جوانناسییە لە شێوازاندنی ئاخاوتندا نییە. مەبەستمان لەخۆ کردنە تەلارسازێک لەشێوازاندنی زماندا؛ هەر تەنیا هزرینێکی نەوازە، زۆرزانی و دەستبردن بۆ هەموو ژانرێکی نووسین نییە، بەڵکو مەبەستمان خۆکردنە بە پەیکەرێک لەزمان، یان بە واتای هایدگەری، جێنشین کردنی بوونی کوردییە لە زمانەکەیدا.